# سۆفیگەری و عیرفان لە کوردستان دا و چلۆنایەتیو کاتی سەر هەڵدانی

سۆفی لە ڕیشەی سەوفی عەرەبیەوە هاتوە بەمانای خوری، بەڵام لە زاراوەدا هەروەك لە فەرهەنگە جۆراو جۆرەکانی وەك فەرهەنگی عەمید دا نووسراوە، سۆفی بەکەسێك دەڵێن کە پەیڕەوی ڕێبازی تەسەوف بێ و، سۆفییە بەشێك لە موسڵمانان کە ڕێگەو پیشەیان خۆپاراستنە لە داخوازەکانی نەفسانی و دوور لەوشتەیە کە خوا پێی ناخۆشە بێ.[235]

کورد بۆ خۆیان بە تەسەوەف دەڵێن تەریقەت، هێندێك لە سەر ئەو باوەڕەن کە وشەی سۆفی لە واژەی "سۆفیست sofphfiste"ی یۆنانی وەرگیراوە کە بەمانای زاناو ئەهلی زانستە و هەروەها دەڵێن لە فەلسەفەی "سۆفسطایی"یان وەرگرتووە کە حەکیمانی ئیسلام بە "سۆفیستائیە" ناویان دەبەن[236] و هەروەها ئێژن کە هێندێك کەس ئەهلی تەقوا و زانست بوون کە هەموو کات جل و بەرگی خورینەیان لە بەر دەکرد کە پێیان گووتون سۆفی یا خوری پۆش.

بەڵام لەبابەت سەرهەڵدانی تەسەوەف دا کەسانێك لە لـێ کۆڵەرەوان باوەڕیان وایە کە ئەو بیرۆکە دیاردەیەکی نا ئیسلامی یە و لە مەسیحیەت سەر چاوە دەگرێ و

---

[235] فەرهەنگی عەمید ل 704، چاپی بنکەی بڵاوکردنەوەی ئەمیر کەبیر 1357

[236] لە فەرهەنگی عەمید دا هاتووە کە سوفستاییان، کاتی باس کردن لەسەر مەسەلە فەلسەفی و ئەخلاقی و سیاسییەکان لە ڕێگەی مفالەتەو سەفسەتە "سۆفیسم" ەوە بۆی دەچوون و بڕوایان وابوو کە ڕاستی وجوود ئەسڵیی نییە. ئەو ئایینە لە سەدەی پێنجی بەرلە میلاد لە یۆنان پەیدا بوە و لە بەناو بانگترین حەکیمەکانی سۆفستایی دەتوانن" پرۆتاغۆرس ناوبەرین کە گوتوویەتی "مرۆڤ هۆی هەڵسەنگاندنی هەمووشتێکە" کە بە شێوەی ڕاستەقینە وجوودی نییە. فەرهەنگی عەمید ل 633

www.pertwk.com

ڕیشەکەی لە فەلسەفەی ئەفلاتوونی نوێ دایە، کەسانێکش شایەتی بۆ ئەوەدەدەن کە تەسەوف تەعلیماتی ئاینیی زەردەشت ومانییە، بە شێکیش قوولتر دەڕوانن و پێیان وایە لەژێر کاریگەری ئاینیی بوداو و عیرفانی هیندوەکان و تەقواو ریازەتکێشانی ئەوان دا دروستبووەو لە ڕێگەی ئێرانیانەوە هاتۆتە نێو کۆمەڵگای ئیسلامیەوە.

- توحفەی ناسری، مەقالەی پێنجەم دوکتۆر حیشمت اللەتەبیبی ل 53